# مینیماڵ

# فریشتەکان

ڕەسوڵ یۆنان

وەرگێڕانی لەفارسییەوە: جەبار سابیر

سلێمانی

پاییزی ٢٠٠٨

سەرپەرشتیاری پڕۆژە: جەبار سابیر

جێگری سەرپەرشتیار: ئارام سدیق

# ناوی کتێب: فریشتەکان
# بابەت: مینیماڵ
# نووسەر: ڕەسوڵ یۆنان
# وەرگێڕ: جەبار سابیر
# نەخشەسازی و بەرگ: وەرگێڕ
# تیراژ: ٥٠٠ دانە
# چاپ: چاپی یەکەم (٢٠٠٨)
# چاپخانە: یاد
# نرخ: ١٠٠٠ دینار
#ژمارەی سپاردنی( ٢١٣٩ )ساڵی ٢٠٠٨ی وەزارەیت رۆشنبیری دراوەتێ

لەچاپکراوەکانی پرۆژەی کتێبی یانەی قەڵەم

زنجیرەی ژمارە (٣٩)

jabarsabir@hotmail.com

ناونیشان: یانەی قەڵەم، سلێمانی، سابونکەران، بینای هەورامان نهۆمی سێهەم.

ژمارەی تەلیفۆن: ٠٧٧٠١٥٧٥٧٢٦

Pin_clap٢٠٠٨@yahoo.com

## چەند قسەیەک

مینیماڵ کەلەلای ئێمە بووە کورتیلە چیرۆك یاخود برووسکە چیرۆك دەمێکە لەدنیادا بەتایبەت لەئەمریکای لاتین تاقیکراوەتەوەو خوێنەرێکی زۆریشی هەیە. ئەم چەشنە چیرۆکە لە ئێرانیش پێی دەڵێن مینیماڵ و هەم خوێنەری زۆرە هەم زۆر چیرۆکنووسیش تاقیان کردۆتەوەو بەو جۆرە نووسیویانە. رەگەزی سەرەکی لەمینیماڵدا دروستکردنی وێنەیەکی خێراو کاریگەرە لەیادەوەری خوێنەردا بەجۆرێك کەتا ماوەیەکی زۆر بمێنێتەوە. ئەمە جگەلەوەی کەدەبێت بەکورتترین رستەو

کـەمترین وشـە زۆرتـرین مانـا بـدەیت بەدەسـتەوە. لەمینیمالّـدا وشـەکان ئەوەنـدە چـڕ دەکرێنـەوەو دەگوشـرێن بـەجۆرێك گـەر چیرۆکنووســی کارامــە بینووســێت ئــەوا خوێندنــەوەی هــەر چـیرۆکێك وەك شـەربەتی هـەنار خۆشـترین تامـت دەداتـێ. ئـەم مینیمالاّنـەی بەردەسـتت لەنووسـینی (رەسـولّ یۆنـان)ە کـە مـن زیـاتر وەك شـاعیر نـاویم بیـستبوو کۆمەڵـە شیعرێکیـشیم لایـە بەناوی (کۆنسێرتێك لـەدۆزەخ). لەیـەکێك لـەکتێب فرۆشییەکانی شاری سنە بەرێکەوت چاوم کەوتـە سـەری‌و کڕیم. لـەوەرگێڕانی ئەم مینیمالاّنەدا زیاتر ناوەرۆك گوازراوەتەوەو بەهۆی نزیکی

هــەردوو زمــانی فارســی و کــوردیش لەیــەکتر لــەزۆر شــوێندا وەرگێڕانــی وشــە بەوشــەیش کــراوەو شــوێنی خۆیــشی گرتــووە. ئەوەی منی هاندا ئەم مینیمالانە وەرگێڕم ئەو چێژە زۆرەبوو کە لەزۆرینەیانم وەرگرتووەو دڵنیام تۆی خوێنەریش هەمان چێژی لێوەردەگریت. بەو هیوایەی کارێکم کردبێت بەسوودی ئەدەبی کوردی بشکێتەوە.

بەدۆستانم

## عیرفان رەسوڵ

## و

## چنور سەعیدی

پێشەکەشە

## بەفر

لەپێچەکەدا لێك جیابوونەوە. یەکیان زیندانی بوو، ئەویتریشیان زیندانەوان. زیندانییەکە ماوەی حوکمەکەی تەواوکردبوو، زیندانەوانەکەیش ماوەی خزمەتەکەی. جانتاکانیان پڕ بوو لەڕابردوو، خاولی کۆنە، ریش تەراشی ژەنگ گرتوو، ئاوێنەی بەر باخەڵو... ئەوان چارەنووسێکی هاوبەشیان هەبوو. هەردووکیان بیرەوەری خۆیان لەپشت شیشی زیندانەکەوە بەجێ هێشتبوو، کاتێك لەپێچەکەدا لەیەك جودا بوونەوە، بەفر بەیەکسانی بەسەر هەردووکیاندا دەباری.

## شێت

وتی:

ئەم دەریایە هی منە کەس مافی ئەوەی نییە لێرە ماسی بگرێت.

خەڵکی پێکەنین.

بەردەوام بوو:

هەرکەس ماسی دەوێ بێ لەمنی بکڕێت.

دیسان خەڵکی پێکەنین.

کابرا بەوەی کەبووە مایەی گاڵتە جاڕی کەوتە گریان. لەکاتێکدا دەریای ناو تابلۆی سەردیوارەکەی کردە باوەشی هاواری کرد:

بۆچی تێناگەن. جگە لەمن کەس ناتوانێ لەم دەریایەدا راوە ماسی بکات.

## تاوانبار

وتی: من فریشتەم!

قازی وتی: کوا باڵەکانت؟

وتی: باڵەکانیان بڕیم!

قازی باوەڕی نەکرد. کەوتە پێکەنین و بەتاوانی نەبوونی ناسنامە زیندانی کرد. وەختی ویستیان کەلەپچەی کەن، کتوپڕ چەند فریشتەیەك لەپەنجەرەکەوە هاتن و بردیان.

کاتژمێرێ دواتر قازی لەکتێبە یاساییەکاندا بەشوێن مادەیەکدا دەگەڕا پەیوەندی بەسۆراخکردنی تاوانبارەوە هەبێت لەئاسمان.

# داهۆڵ

**خاوەن باخەکە، باخەوانی ئیزنداو وتی:**

**دەمەوێ چەند رۆژێك لێرە تەنیابم.**

**تەنانەت داهۆڵەکانیشی لەناوبرد. دوابەدوای ئەم رووداوە باڵندەکان هێرشیان هێنا تا رەزەکە تالاّن کەن. خاوەن باخەکە لەناچاریدا دووبارە داهۆڵەکانی لەناوەڕاستی باخەکەدا دانایەوە. ئامادەیی داهۆڵەکە لەئامادەی خۆی باشتر بوو. جگەرەکەی لەدەموچاوی خۆیدا لەئاوێنەکەدا کوژاندەوە.**

**دواتر بۆینباخەکەی لەملی خۆی کردەوەو کردییە ملی داهۆڵەکە.**

## دایناسوورەکان ناگەڕێنەوە

مارمێلکەیەك لەزێرابی ژێرزەمینی شارێکدا دەژی. ڕۆژێك لەپڕ دەبیٚ بەدایناسوورێکی گەورەو لەدەرچەی زێرابەکەوە دەچێتە دەریایەکەوە. ئەو بەپێچەوانەی دایناسووری فیلمە سینەماییەکانەوە، نەگەڕایەوە بۆ شارەکە تا لەگەڵ خاکدا یەکسانی کات‌و دواجار خۆیشی لەناو بچێت. لەدەریاکەدا ژیا تا دەریاکانیش دایناسوورێکیان هەبێت، نەگەڕایەوە، ویستی بیسەلمێنیٚ کە دایناسوورەکان هەرگیز ناگەڕێنەوە.

# ئاه پەڕەسێلکەکان

دووبارەی دەکەمەوە گەر پەڕەسێلکەکان فڕین پێم بڵێن! تکایە وەڵامم بدەنەوە! دەنگەکە لەهەوادا بڵاودەبۆوە. بێتەلەکە کاریدەکرد. کەمێ لەولاتر کابرای بێتەل خەڵتانی خوێن بوو. پەڕەسێلکەکان لەئەوجی ئاسماندا بوون بێ ئەوەی کەسێك سەیریان بکات.

پاییزی ئەو ساڵە، پاییزێکی ڕێزپەڕ بوو، لەناو باڵندە کۆچەرییەکاندا پەڕەسێلکەی زۆر دەبینران کەبەدەستەکانیان دەفڕین.

# ڕێوی

کچانی جووتیارەکە ئەویان خۆشدەویست‌و ئەویش ئەمەی زۆرباش دەزانی. ڕۆژێك بڕیاریدا لەگەڵیان بژی.
لەشێوەی مرۆڤدا دەرکەوت‌و بەرەو کێڵگەی جووتیارەکە ڕۆی. بەڵام کچەکان ڕێگەیان نەدا بچێتە باخ‌و مەزراکەوە. ئەوان ڕێویەکان خۆشدەویست کەدوو چاوی ڕەش‌و ئاڵۆشاوی هەبوو لەگەڵ کلکە جوانەکەی. جوانی هاوینی دوو بەرابەر دەکرد.

## دنیاو ئەم هەموو جوانییە

شەقامەکە گۆڕابوو. ساکسیفۆن ژەنێکی نابینا لەسەر شۆستەکە لەڕۆژان باشتر ساکسیفۆنی دەژەنی. گڵۆپی نیۆنی جامخانەی دووکانەکان شەوقیان لەڕۆژان زیاتر بوو...

کابرا هەستیکرد رێگەی ماڵەوەی لێ تێکچووە، گەرنا لەزەرفی چەند کاتژمێرێکدا ئەم شەقامە هێندە نەدەگۆڕا، سەیرێکی تابلۆی شەقامەکەی کرد، بەڵام هەرهەمان شەقامە. لەفکران رۆچوو... دنیاو ئەم هەموو جوانییە! باوەڕی نەکرد.

کابرا عاشق ببوو بەخۆی نەدەزانی.

# فریشتەکان

باوك وتی: خودا نانی رۆژانەی ئێمە دەدات.

بەردەوام بوو: هەڵبەت بە هۆی فریشتەکانییەوە

منداڵەکان پرسیان: چۆن؟ خۆ دەرگای ماڵەکەمان هەمیشە داخراوە!

باوك پێکەنی و لەکاتێکدا سەیری دووکەڵکێشی سۆپاکەی دەکرد وتی: ئەوان لەهەر کوێیەکەوە بیانەوێ دەتوانن بێنە ژوورەوە.

رۆژی دوایی، منداڵەکانی کابرا، دووکەڵکێشەکەیان خاوێنکردەوە تا رەشییەکەی پۆشاکی فریشتەکان پیس نەکات.

## خامۆشی

کابرا پیر بووبوو، ئیتر توانای ژەنینی گیتاری نەمابوو، خامۆشی حوکمڕانی ماڵەکەی دەکرد. دەبوو کارێك بکات، دوای ساتێ بیرکردنەوە، گیتاری بردە حەوشەی ماڵەکە دایناو هەندێك وردە نانی کردە سەری.

دوای چەند رۆژێك، دروست لەوەختی ئاویلکەدانی کابرادا، خامۆشی ماڵەکە شکاو کابرا بەخۆشحاڵییەوە گیانی سپارد. باڵندەیەك هاتبوو لەناو گیتارەکەدا هێلانەی کردبوو.

# دەبێ چاوانی سەوزت هەبێ

هەموو رۆژێك بۆ پۆستەخانە دەچووم. هەموو دەیانناسیمو دەیانزانی چاوەڕێی نامەی تۆم، هەربۆیە وەختێك چاویان پێم دەکەوت وازیان لەکار دەهێناو دەیانوت: بەداخەوە نامەکەت هێشتا نەگەییوە.

وردە وردە شتێك کەنەدەبوو رووبدات روویدا. لەپۆستەخانەکە ناسرای. ئێستا چەند مانگێکە ناچمە پۆستەخانە لەبەرئەوەی پۆستەچییەکان لەدوورەوە عاشقت بوونو دڵنیام گەر نامەیەکیش بنێری بەدەستی من ناگات. ئەوان هەموو رۆژێ دێنەماڵەوەو لەشێوەو رووخساری تۆ دەپرسنو پێداگری ئەوە دەکەن باسی تۆیان بۆ بکەم. حەزدەکەن هەموو رۆژێ شتێکی تازە لەبارەی تۆوە بزانن. بەڵام ئیتر... ئەوەی هەبوو لەبارەی تۆوە وتمو شتێك نەماوە بوترێ.

وێڕای ئەمەش تائەوان خەونەکانیان لەدەست نەدەن بەدرۆوە لەبارەی تۆوە دەدوێم‌و ئیتر لەقسەکانی مندا رەنگی چاوەکانی تۆش گۆڕاوە، ناوت گۆڕاوەو بالأت بەرزتر بووە.

چونکە بەم شێوە تازەیەت بێچارەت کردوم. ئێستا دەبێ تۆ ئەوەبیت کەئەوان دەیانەوێ.

نەفرەتی! ئێستا دەبێ تۆ بگۆڕێی. دەبێ تۆ دوو چاوی سەوزت هەبێ.

## کتێبێکی غەمگین

ژەنەراڵێك فریشتەیەکی گولله باران کرد. هاوارد فاستی نووسەر رووداوەکەی بینی و کتێبێکی لەبارەوە نووسی.
لەم کتێبەدا فریشتەکە یەك تەختە لێیکەوتووەو بەزەحمەت هەناسەی بۆ دەدرێت و کەس بەهانایەوە ناچێت.
خوێنێکی سووری مەیلەوسەوزی کاڵ لاپەرەکانی تەڕکردووە.
ژەنەراڵ فریشتەیەکی گولله باران کردووە. بەڵام کەسێك بەژەنەراڵی نەوت بەری چاوت کلی پێوەیەو ئەم روداوەش وەك رووداو گەلێکی تر بەخانەی فەرامۆشی سپێردران.لێرە بەدواوە فریشتەکان بەشێوەیەکی تیواری بەئاسمانی شارەکاندا دەفڕن.

## ونبوویەکی نەفرەتی

سەرمان بەهەموو جێیەکدا کرد، بەکافتریاکان، لەنگەرگاکان، پارکەکان... بەڵام نەمانتوانی بیدۆزینەوە ئەو نەفرەتییە بووبوو بەئاوو زەویی قوتیدابوو.

وتم: ئیتر من نایەم خۆت بەشوێنیدا بگەڕێ.

وتی: بەتەنیا ناتوانم.

وتم: زۆر ماندووم.

کەوتە پاڕانەوە: تکات لێدەکەم.

نەمویست تەنیا جێی بێڵم. سەرلەنوێ دەستمان کردەوە بەگەڕان. ئەمجارە تەنانەت سەیری دوو توێی کتێبەکانیشمان کرد بەڵام شتێکمان دەستگیر نەبوو. سەرەنجام لەپێکەوتم بەڵام هێشتا ئەو هەر بەشوێنیدا دەگەڕێ.

من باوەڕم وایە کەئەو ناتوانێ ونبووەکە بدۆزێتەوە. ونبووەکەی ئەو زیاتر لەخۆی دەچێت. بەبۆچوونی من دەبێ بەشوێن خۆیدا بگەڕێ و خراپیش نییە گەر دەست بکات بەدەمی خۆیداو پەنجە لەکاسە سەری بدات.

# سوپاستان دەکەم سەرکۆمار

لەدووربینی تفەنگەکەیەوە سەیری شوێنەکەی کرد، سەر کۆمار لەوێ نەبوو. چاوەڕێ مایەوە.

سیمای سەرکۆماری هێنایە بەر خەیاڵی خۆی، سیمایەکی بێ گوناهی هەبوو. دواتر بیری لەکچە بچکۆلەکەی کردەوە کە لەکچەکەی خۆی دەچوو... گریان گەروی گرت. پەنجەی لەپەلەپیتکەی تفەنگەکە کێشایەوەو لەپشت پەنجەرەی بەرزترین تەلاری شار کەدەیڕوانییە سەر ستادیۆمێکی بچووك. دایە پڕمەی گریان:

سوپاستان دەکەم سەرکۆماری بەڕێز!

بەردەوام بوو:

خۆزگە نێچیرەکانی تریش وەك ئێوە درەنگ دەهاتن.

## تامپۆن

من خەریکبوو لێرەوە دەهاتم کەتامپۆنم کرد. کتوپڕ ئوتومبیلێك هاتو کردمی بەژێرەوە. وەختێ دەمویست لەشەقامەکە بپەڕمەوە ئەمە روویدا. لاشەکەمم لەسوچێکی شەقامەکە لەناو بەفردا بەجێهێشت، هاتم بەڵام کاشکی نەهاتمایە، من خەریکبوودەهاتمە دیدەنی تۆ کە مردم.

## چیرۆکێک کەنەنووسرا

خومپارەکان لەگوێیدا دەزرنگانەوە. وەختێك قەڵەمی دەگرت بەدەستەوە گوللە تۆپەکان بەسەر پەڕەکەدا دادەبارین. سەرەنجام جەنگ کۆتایی هات. کۆترەکان هاتن لەلولەی تانکەکاندا هێلانەیان کرد بەڵام نووسەرەکە هەقی بەسەریانەوە نەبوو، لەڕۆمانەکەی ئەودا سەربازەکان بەرەو پێش دەچوون ئەو دەبوو بیانبات تاتەواوی سەنگەرەکانی دوژمن دەگرن. چەند ساڵێك دواتر رۆمانەکەی تەواوکردو ویستی رۆمانێکی عاشقانەو ئومێد بەخش بنووسێت بەڵام نەیتوانی، جەنگێکی تر دەستی پێکردبوو دووبارە ناڵەی بۆمبەکان لەگوێیدا دەنگیان دەدایەوە.

## نەفرەت

جیهان تاریکە، وەکو شەو. ژیان سەرە نێزەیەکە بەرەو خوار. شەقامەکان هەمیشە بەرەو دەریا ناچن. باران هەمیشە جوان نییە. خەونەکان هەمیشە شرۆڤەیەکی باشیان نییە. دوێنێ باش نەبوو، باسبەینێ روناکیو شادی خولقێن بێ...

هەموو ئەم رستانە بەمێشکی ئەسپێکدا تێدەپەڕێ کەلەشەڕ دەگەڕێتەوە.

# مەرگی زەرد

ملازم ئیڤانۆف لەبەیانییەکی تەواو زەردا مرد. هێشتا سەربازەکان نانی بەیانیان نەخواردبوو کەئەو تەواوبوو.
کەسیش بەبیریدا نەدەهات بەرپرسی هۆبەی لەسێدارەدان بەم جۆرە بمرێت. کچێکی جوان خەباتکار دوای چەندین ساڵ عەشقی لەگیانی ملازمدا زیندوکردبۆوەو هەر بەم هۆیەشەوە بوو کەلەو گزنگی بەیانییە غەمناکەدا وەختێ فەرمانی سوپای گوللە بارانیدا دڵی داخورپاو کەوتە گەدەیەوە.

# ڕێکەوت

تابووتسازەکە چووە تابوتەکەوەو درێژبوو. دەیویست بزانێ سەرۆکی شارەوانی بەو هەیکەلە زەلامەیەوە لەتابوتەکەدا جێی دەبێتەوە یانا؟ تابوتەکە بۆخۆی گونجاوبوو بەڵام بۆ سەرۆکی شارەوانی لەو بچووکتر بوو کەبیری لێدەکردەوە. بڕیاریدا تابوتێکی تر دروستکات پڕ بەبالآی ئەوبێت، بەڵام لەبەدبەختی خۆی هەرگیز هەلی بۆ هەڵنەکەوت بڕیارەکەی جێبەجێبکات. چونکە وەختێك ویستی هەستێتەوە نەیتوانی. دواجار دوای چەند کاتژمێرێك هەوڵو تەقەلا ملی بۆ مەرگدا. ئەویان پێش سەرۆکی شارەوانی بەخاك سپارد.

# فڕین

یەکەم ڕۆژ وتی:

دڵم خراپ لێدەدات.

دووەم ڕۆژ وتی:

خۆزگە دەکرا بفڕم.

ڕۆژی سێیەم هەستی کرد دەیەوێ بڕشێتەوە، هەردوو دەستی بەدەمییەوە گرت.

ڕۆژی چوارەم شتێ ڕووی نەدا.

ڕۆژی پێنجەم باڵندەیەك لەدەمییەوە لەشەقەی باڵیدا.

ڕۆژی شەشەم مرد.

ڕۆژی حەوتەم لەم چڵ بۆ ئەو چڵ دەفڕی.

## مەعشوقێک کە هەڵەی کرد

هەندێك پیاو كوژ بۆئەوەی كارەكەیان بخەنە بۆتەیەكی یاساییەوەدەچنە ریزەكانی پۆلیسەوەو هەندێكی تر لەژوورەكانی لەسێدارەدان كار دەكەن‌و هەندێكی تریش هتد....

پیاو كوژەكان جۆری جیاوازیان هەیە. بەڵام من پیاو كوژێكی لەتۆ ترسناكترم نەبینیوە ئەوینم! تۆخۆت كوشت‌و ئەوەش لوتكەی بێ روحمییە. ئێستا تیاماوم لەسەر كێلی گۆڕەكەت چی بنووسم؟ مرۆڤ كوژێكی بێ روحم یامەعشوقێك كە هەڵەی كرد!؟

# شەمەندۆفێرێکی بچووکی ئاسنی

پیاوێك هەستیکرد خەریکە دەڕشێتەوە. دەستی بەدەمییەوە گرتو بەرەو دەست شۆرەکە رایکرد. وەختێك دەمی کردەوە شەمەندۆفێرێکی بچووکی ئاسنی لەدەمییەوە دەرپەڕی. تەواوی ئەو کەسانەی خۆشی دەویستن لەو شەمەندۆفێرەدا بوونو ئەویان بەجێ دەهێشت. ئەمە دوا خەونی کابرای مقەست چی بوو. ئەو ئیتر زیندوو نەبوو تادووبارە خەو ببینێ. ژینو مەرگی ئەو بەقیتارەوە بەندبوو. بێگومان ئەو وێنەیەی لەمەڕ گۆڕ لەمێشكو خەیاڵی ئەودا هەبووە، وێنەی فارگۆنێکی نمرە سێ بووە.

# حیکایەتێکی روون

پاوانەکە سووتا، شوێنی مانەوە نەما.

تاریکی شەق کرد،

تابگاتە کەنارەکە.

دەبێ لەسنورگەلێکی مەترسیدارەوە تێپەڕێ.

لەڕێگەدا پارتیزانەکان هاواریان بۆ کرد.

قاچاخچییەکان دەستیان بۆ راوەشاند.

هەموو شتێك باش دەچووە پێش.

بەڵام کتوپڕ مینێك تەقییەوەو ناوچەکە ئاگری تێبەربوو سووتا.

بووە خۆڵەمێش.

ئەمە حیکایەتی ئەسپێکی سپی بوو دەیویست شەو بگوزەرێنێ.

# ترس

لەدەرگا درا. هەستام چووم دەرگام کردەوە. پیرەمێردەکەی هاوسێم بوو.

وتی: ببوورن دەکرێ مشارەکەتانم بدەنێ!

وتم: باوەڕناکەم مشارمان هەبێت!

وتی: هەتانە، بیرت چۆتەوە وا لەگەنجینەکەدا.

چوومە گەنجینەکەو بەهەزار زەحمەت مشارم دۆزییەوەو دامێ.

وەختی مشارەکەی لێوەرگرتم، دەمەکەی لێکردەوەو خستییە ژێر پێیەوەو شکاندی.

وتم: ئەو کارە چییە دەتانەوێ بیکەن؟

وتی: دوێ شەو خەوم دی بینیم کەسێك هاتووە دەیەوێ بەمشارێك سەرم بڕێ.

کۆکەیەکی بۆ کرد.
چووم پرسیم هیچ یەکێ لە هاوسێکان مشاری نەبوو، گەر ئەو کەسە بەڕاستی بهاتبایە، بێگومان بەمشارەکەی ئێوە ئەم کارەی دەکرد.
دواتر ئەسکەناسێکی هەزاری خستە لەپی دەستمەوەو لەکاتێکدا دەڕۆی وتی: باوەڕناکەم لەوە زیاتر بهێنێ، بەهەرحاڵ گەر کەمە بمبوورە.

## سەگ

پیاوەکە دەرگاکەی بەڕوویاندا کێشاو هاواری کرد:

لێرە ناجوڵێم. بیستو پێنج ساڵە لەگەڵ سەگەکانمدا لێرە دەژیم.

کارمەندانی شارەوانی وتیان: دەبێ ئەم خانووە چۆڵکەیت.

وتی: ئەم هەموو سەگە بۆ کوێ بەرم؟ ببینن زۆربەیان ئاوسن گەر دەکرێ مۆزەخانەیەك لەشەقامێکی دیکە دروست بکەن.

وتیان: ئەم بڕیارە سیناتۆرەکان دەریان کردووە، گۆڕانی بەسەردا نایات.

خانووەکەیان تەخت کرد.

ساڵێ دواتر، سەگەکان تەواوی خانووەکانی شاریان داگیرکردبوو...

لێرەدا جێی خۆیەتی سوپاسی هەردوو مامۆستاو هاوڕێم کەریم شێخانیو حەمەکەریم عارف بکەم، لەم وەرگێڕانەو لەزۆری تریشدا هاوکاریان کردوم.